زانكۆی گەرمیان
University of Garmian

# ڕێككەوتن لە دیالێكتی گۆرانی (گۆڤەری هەورامی) دا

**كاوان أسماعيل خليل**

بەشی زمانی كوردی، فەكولتی زانستە مرۆڤایەتییەكان، زانكۆی زاخۆ، دهۆك – زاخۆ

**پوختە**

ئەم باسە لە ژێر ناوی ( ڕێككەوتن لە دیالێكتی گۆرانی ((گۆڤەری هەورامی)) دا ) یە،كە بەشێوەیەكی گشتی بۆ باری بكەر ئاشكرایی ئەم ڕێككەوتنە بۆ تافی ڕابردو و ڕانەبردوی كاری تێنەپەڕە،كە بكەر و كار لە ڕوی كەس و ژمارەوە ڕێكدەكەون، بەڵام ئەگەر كارەكە تێپەڕ بێت بۆ هەردو تافی ڕابردو و ڕانەبردو، ئەوا ڕێككەوتن لە نێوان بەركار و كار دایە ئەمە لە لایەكەوە، لە لایەكی ترەوە بۆ باری بكەر شاراوەی ئاسایی ڕێككەوتن لە نێوان بكەر و كارە و بۆ باری بكەر شاراوەی ئاماژەبۆكراو ڕێككەوتن لە نێوان بەركار و كارە بۆ هەموتاف ورێژەكان.

دەربارەی ڕێككەوتن لە كارە ناتەواوەكانیش جگە لە كاری ناتەواوی خاوەندارێتی كە ڕێككەوتن لە نێوان بەركار و كارە، ئەوا هەردەم ڕێككەوتن لە نێوان بكەر و كار دایە ، جا كارەكە لە ڕوی تاف و هێز و ڕێژەوە سەر بە چ جۆرێك بێت، هەروەها ڕێژەی كارەكە خۆیشی بۆ هەردو تافی ڕابردو و ڕانەبردو دەورێكی چالاك دەبینێ لە چۆنیەتی ڕێككەوتن و قاڵبی سینتاكسی كارە ناتەواوەكە.

وشە كلیلەكان: ڕێككەوتن ، تافی ڕابردو ، تافی ڕانەبردو ، كاری تەواو ، كاری ناتەواو.

**گرنگی باس :**

گرنگی ئەم باسە لەوەدایە كە باسێكی كارەكییە و بە شێوەیەكی گشتی ڕێككەوتنی بكەر و كار لە دیالێكتی گۆرانی ((گۆڤەری هەورامی)) پیشاندەدات لەگەڵ هەمو جۆرەكانی كاردا،هەروەها یارمەتیدەرێكی باشە بۆ ئەنجامدانی لێكۆڵینەوەیەكی بەراوردكاری لەم دیالێكتە كوردییەدا.

**پێشەكی باس :**

ڕێككەوتن لە دیالێكتی گۆرانی ((گۆڤەری هەورامی)) دا چ لە ڕوی ڕێزمانییەكەی یان ڕوە واتاییەكەی بریتییە لە ڕێككەوتن لە نێوان بكەر و كار یان بەركار و كار ،لە هەربەكارهێنانێكدا ڕاناوەكانی ڕێككەوتن لەم دیالێكتە وەك مۆرفیمێكی كارا دەور دەبینێ .

**سنوری باس :**

سنوری باسەكە،بریتییە لە سنوری جوگرافی ئەم دیالێكتە لە هەرێمی كوردستانی عێراق، كە لە سنوری كارگێڕیی ئێستای پارێزگاكانی ( هەڵەبجە، سلێمانی ، هەولێر ) و قەزا وناحیەكانیان پێكدێن.

**ڕێبازی باس :**

ئەم باسە بەپێی ڕێبازی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە لە سنوری ڕستەدا ئەنجامدراوە.

**گرفتی باس :**

گرفتی سەرەكی باسەكە بریتییە لە لاوازی و ناتەواوی ئەو سەرچاوانەی دەربارەی بابەتەكە هەن ئەمە لەلایەكەوە، لە لایەكی تریشەوە تێكەڵبونی سنوری جوگرافی و جڤاكی ئەم دیالێكتە لەگەڵ دیالێكتی خواروودا،چونكە ئەبێتەهۆی جیاوازی نەكردنی سیستەماتیكی ڕێككەوتن لە هەردو دیالێكتەكە و بەتایبەت دیالێكتی گۆرانی (گۆڤەری هەورامی) پارێزگای هەڵەبجەی ئێستا و دەوروبەری كە بەهۆی كارتێكردنی دیالێكتی خوارو لە هەندێ دەڤەرو گۆڤەردا هەست بەجیاوازیان ناكرێ.

**بەشەكانی باس :**

ئەم باسە بەم شێوەیەی خوارەوە دابەشكراوە :

پوختەی باس : پوختەی باسەکە بەخۆوە دەگرێت ، کە بەشێوەیەکی چڕوپڕ خراوەتەڕو.

پێشەکی : ناونیشانی باسەکە و سنوری جوگرافی باسەکە وڕێبازی باسەکە بەخۆوە دەگرێت.

بەشی یەکەم : تایبەتە بە پێناسەی ڕێککەوتن و جۆرەکانی ڕێککەوتن.

بەشی دوەم : ئەم بەشەش تایبەتە بە ڕێککەوتن لە تاقی ڕابردو وتاقی ڕانەبردو ( ئێستا و داهاتو ) و هەمو ڕێژە جیاوازەکانی ئەم دو تافە بەگشتی لە دایالێکتی گۆرانی ((گۆڤەری هەورامی)) دا.

ڕاناوەکانی ڕێککەوتن لە دایالێکتی گۆرانی (گۆڤەری هەورامی) دا ئەمانەن:

ڕاناوی ڕێککەوتن

| کۆمەڵەی یەکەم | | کۆمەڵەی دوەم | | کۆمەڵەی سێیەم | | کۆمەڵەی چوارەم | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| تاك | کۆ | تاك | کۆ | تاك | کۆ | تاك | کۆ |
| نێ | نمێ | ا | مێ | نێ | یمێ | و | مێ |
| نی | ندێ | ی | دێ | نی | یدێ | ی | دێ |
| Ø | نی | Ø | ێ | Ø | ێ | ۆ | ا |

**1. ڕێککەوتن و جۆرەکانی لە دایالێکتی گۆرانی ((گۆڤەری هەورامی)) دا:**

**1.1. ڕێککەوتن :**

ڕێککەوتن دیاردەیەکی ڕێزمانییە،کە پێکهێنەرەکانی ڕستە لە ئاستی ڕستەدا بەیەکەوە دەبەستێتەوە،بەهۆی ئەو پەیوەندییە ڕێزمانییەی کەلەنێوان ئەم پێکهێنەرانەدا هەیە(Trask , R.L : 1993 : 12 )،بە مانایەکی تر ڕێککەوتن بریتییە لە گونجاندنی شێوەی پێکهێنەرێك لەگەڵ پێکهێنەرێکی تر لە ڕستەدا (Leech , G and Svartvik, J : 1994 : 260 )،جا ئەو ڕێککەوتنە هەم لەڕوی ڕێزمانییەوە وهەم لەڕوی واتاییشەوەیە.لەم پەیوەندییە ڕێزمانییە پێکهێنەری سەرەکی و ناسەرەکی دیاریدەکرێت، کە پێکهێنەری سەرەکی بڕیاری دەرکەوتن و دەرنەکەوتنی پێکهێنەری ناسەرەکی دەدات(Crystal, D : 1992 :22).

**1.2. جۆرەکانی ڕێککەوتن لە دایالێکتی گۆرانی (گۆڤەری هەورامی) دا :**

أ- ڕێککەوتنی ڕێزمانی : ڕێککەوتنی ڕێزمانی بریتییە لە بەیەکەوە بەستنەوەی پێکهێنەرەکانی ڕستە لەئاستی ڕستەسازیدا،کە لەڕوی ڕێزمانییەوەیەو لەگەڵ یەکتردا ڕێك دەکەون(ڤیان سلێمان حاجی : 2001 : 13)،ئەم جۆرە ڕێککەوتنە دوجۆری هەیە :

1- ڕێککەوتنی ڕێزمانی لەنێوان بکەر و کار : لەم جۆرە ڕێککەوتنە بکەر و کار لەهەردو دایالێکتەکە ژلایێ کەس و ژمارەوە ڕێك دەکەون،لەڕوی ڕێزمانی و واتایی.

2- شیلانە وتەØ. من وتەنا. شمە وتبێیدێ. ئادێ ئامایێ. تو موسی.

( ڕێککەوتن لەکەس و ژمارە – بکەرئاشکرا ) ( ڕێککەوتنی ڕێزمانی )

من دزیێێ. من دزینێێ. من دزیبێییێ. من دزیێیێێ. ئاد موینیۆ.

( ڕێککەوتن لەکەس و ژمارە – بکەرشاراوە ) ( ڕێککەوتنی ڕێزمانی )

2- ڕێککەوتنی ڕێزمانی لەنێوان بەرکار و کار : لەم جۆرەی ڕێککەوتنی ڕێزمانی تیایدا بەرکار و کار لە کەس و ژمارە ڕێکدەکەون،کە ئەم جۆرە ڕێککەوتنە لە دایالێکتی گۆرانی (گۆڤەری هەورامی) دا لەکاتێکدا دروست دەبێت ئەگەر کاری ڕستەکە تێپەڕێت جا تافی ڕابردو یان ڕانەبردو بێت بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

ئاد توش نویستەنی. شاخەوانی نانش واردØ. ئادە نانش واردبێ) Ø) (شێرکۆ حەمە ئەمین قادر: 2002: 93). ئاد نانش واردبیێØ.

نەسرینێ نانش واردبۆ. ( کاری ڕابردوی تێپەڕ )

شێروان وانە منویسۆ. شێروان وانە بنویسۆ. شێروان وانە منویسۆنە. شێروان وانە بنویسۆنە.

( کاری ڕانەبردوی تێپەڕ )

ب- ڕێککەوتنی واتایی : بریتییە لە بەیەکەوە بەستنەوەی پێکهێنەرەکانی ڕستە،بەڵام لەڕوی واتاییەوەیە،واتە ڕێککەوتنێکواتایی لەنێوان پێکهێنەرەکانی ڕستەدا دروست دەبێت،بەهۆی ئەو کۆتە واتاییانەی کە پێکهێنەرە بەدەسەڵاتەکان بەسەر پێکهێنەرە بێ

دەسەلاتەکان دەیچەسپێنن(هیدایەت عەبدوڵلا موحەمەد: 2002 : 46)،بەمەش ڕێککەوتنی پێکهێنەرە ڕێزمانییەکان دێتە ئاراوە(Crystal, D : 1992 : 76).

1- ڕێککەوتنی واتایی لەنێوان بکەر و کار: لەم جۆرەی ڕێککەوتنە بکەر و کار لەلایەنی واتاوە ڕێکدەکەون.

وانە مەردØ. پولەکە وتØ.

لەم نمونانەی پێشودا ڕێککەوتنی واتایی نییە،چونکە سیما واتاییەکان بەم شێوەیەن:

بکەر کار

- گیاندار + گیاندار

2- ڕێککەوتنی واتایی لەنێوان بەرکار و کار : لەم ڕێککەوتنە واتاییەیش،بەرکار و کار لە ڕوی واتاوە ڕێکدەکەون،چونکە ڕێککەوتنی ڕێزمانی لە نێوان بەرکار و کاردا بەهۆی پەیوەندییەکی ڕێزمانی دروستببێت و دواتر لە ڕێگەی ئەم پەیوەندییە ڕێزمانییەوە پەیوەندییەکی واتایی دروست دەبێ،هەروەها لێکۆڵینەوە لە دیاردەی ڕێککەوتن لە نێوان پێکهێنەرەکانی ڕستە لە ڕوی شێوە (فۆرم) و واتاوە (فەرهەنگ) بە چۆنیەتی گونجانی ئەم پێکهێنەرانە لە نێوان خۆیان و لە هەڵبژاردنی سیما ڕێزمانیی و واتاییەکان،بۆ ئەوەی پێکهاتەیەکی واتایی پەسەند دەستەبەربێت(- Leech, G and Svartvik, J : 1994 : 36).

2. ڕێککەوتن لە دایالێکتی گۆرانی ((گۆڤەری هەورامی)) دا:

2.1. ڕێککەوتن لەکاری بکەر ئاشکرا بۆ تافی ڕابردوی کاری تەواو(بەهێز) ی ( تێنەپەڕ ) :

1.2.1. ڕێککەوتن لە نێوان بکەروکارە. **من وتەنا.** **( من خەوتوم. )**




**یاسای گوێزانەوە:**

ڕ. سەرەوە >

٢+٦+٥+٤ + 3

**مـن وتەنا .**



**بکـەر کار**

2.2. ڕێککەوتن لەکاری بکەر ئاشکرا بۆ تافی ڕابردوی کاری تەواو(بەهێز) ی (تێپەڕ) :

ڕێککەوتن لە نێوان بەرکاروکارە.

ئـاده نـانـش واردیØ.




**یاسای گوێزانەوە :**

٢ 1

ئـاده نـانـش واردیØ .

بکەر بەرکار کار

2.3. ڕێککەوتن لە تافی ڕانەبردوی کاری تەواو (بەهێز) ی (تێنەپەڕ):

1.2.3.تافی ڕانەبردو: ڕێککەوتن لە نێوان بکەروکارە.




**یاسای گوێزانەوە :**

1 ٢ Ø ٤+5+3 > ڕ. سەرەوە



2.4. ڕێککەوتن لە تافی ڕانەبردوی کاری تەواو (بەهێز) ی (تێپەڕ):

1.2.4. تافی ڕانەبردو: ڕێککەوتن لە نێوان بەرکاروکارە.




**یاسای گوێزانەوە :**

1



2.5. ڕێککەوتن لەتاقی ڕابردو و ڕانەبردو لە کاری ناتەواو (بێ هێز): ڕێککەوتن لە نێوان بکەروکارە:

1.2.5.تاقی ڕابردو: کاری (بیەی) (بونایەتی):

**من مامۆستا بینیێ.**






2.2.5. تافی ڕابردو: :کاری (بیەی) ی (گۆڕان): (فەرەیدون عەبدول محەمەد:2000 : 74)

**من بیەنا بە مامۆستا.**






3.2.5.تاڤى ڕابردو:كارى (بيەى) ى خاوەندارێتى (تملك): (فەرەيدون عەبدول محەمەد:1998: 14) و (مهاباد كامل عبدالله:1996: 52)

**من پولـم بى.** **( من پارەم هەبو. )**




**مـــن پــــولـــم بــــــى .**

**بكەر بەركارى ڕاستەوخۆ كار**

4.2.5.تاقی ڕابردو:کاری (بیەی) ی هەبون – هەیی (وجود):

مـن بینـێ. ( مـن هـەبوم. )







، (بیەی) ی خاوەنداریتی (تملك):


( مـــن دەبم. )
مــن بــو.
ڕ
گ.ك
گ.ن
ڕەگ
م.تا.ڕانە
نــاو
(و) بـ
Ø
مـــن (و)
4
3
2 1
ڕ. ناوەوە <
ڕ. سەرەوە <
ياساى گوێزانەوە :
2+4+3
Ø 1


مـــن بـــو.
بكەر كار

6.2.5. تافی ڕانەبردو:کاری (بیەی) ی هەبون – هەیی (وجود):






2.6. ڕێککەوتن لەکاری بکەر شاراوەی ئاسایی و ئاماژە بۆکراو بۆتافی ڕابردو و ڕانەبردو لە دیالێکتی گۆرانی ((گۆڤەری هەورامی)) دا ، ڕێککەوتن لە نێوان بکەر وکارە:

1.2.6. ڕێککەوتن لە تافی ڕابردو:

1.1.2.6. تافی ڕابردو: بکەر شاراوەی ئاسایی:

**مـــن دزییێنـــێ.** **( مـــن دزرام. )**






2.1.2.6. تاقی ڕابردو: بکەر شاراوەی ئاماژەبۆکراو: ڕێککەوتن لە نێوان بەرکار و کارە.

**مـن ئـادەم دا بـە گرتـەی.** **( مــن ئــەوم دا بــەگرتن. )**






2.2.6. ڕێککەوتن لە تافی ڕانەبردو:

1.2.2.6

. بکەر شاراوەی ئاسایی بۆ تافی ڕانەبردو(ئێستا): ڕێککەوتن لە نێوان بکەروکارە.




یاسای گوێزانەوە:

< ڕ.

1 Ø 3+4+5+ 6+ ٧+٢



2.2.2.6. بکەر شاراوەی ئاماژەبۆکراو بۆ تاقی ڕانەبردو(ئێستا): ڕێککەوتن لە نێوان بەرکاروکارە.

مـــن ئـــادە مـــدەمۆ بـــە ( من ئەو دەدەم بەگرتن.




9 < ڕ. ناوەوە

یاسای گوێزانەوە :

9 ڕ. سەرەوە ٨ 5+2 +٧+٦ Ø ٤+٣ Ø ١



3.2.2.6. بکەر شاراوەی ئاسایی بۆ تاقی ڕانەبردو (داهاتو): ڕێککەوتن لە نێوان بکەروکارە.

ئاد موینیۆنه. ( ئەو دەبینرێت. )




یاسای گوێزانەوە:

Ø 1

8+٢+٧ +6 +5+4+3

ڕ. سەرەوە >

ئـــاد موینـیـۆنه.

بکـەر کـار

4.2.2.6. بکەر شاراوەی ئاماژەبۆکراو بۆ تاقی ڕانەبردو (داهاتو): ڕێککەوتن لە نێوان بەرکاروکارە.






**ئەنجام:**

١- چوار کۆمەڵەی ڕێککەوتن لە دیالێکتی گۆرانی (( گۆڤەری هەورامی )) دا هەیە، کە هەر سێ کۆمەڵەی یەکەم و دووەم و سێیەم تایبەتن بە کاری ڕابردوی تێنەپەڕ و کۆمەڵەی چوارەمیان تایبەتە بە کاری ڕانەبردوی تێپەڕ و تێنەپەڕ، بە واتایەکی تر کاری ڕابردو لە دیالێکتی گۆرانی بە گشتی و گۆڤەری هەورامی بەتایبەتی لە ڕوی ڕێککەوتنەوە لە کاری ڕانەبردو چالاکترە.

٢- لە دیالێکتی گۆرانی (( گۆڤەری هەورامی )) بەشێوەیەکی گشتی بۆ باری بکەر ئاشکرایی ئەم ڕێککەوتنە بۆ تافی ڕابردو و ڕانەبردوی کاری تێنەپەڕە،کە بکەر و کار لە ڕوی کەس و ژمارەوە ڕێکدەکەون، بەڵام ئەگەر کارەکە تێپەڕ بێت بۆ هەردو تافی ڕابردو و ڕانەبردو، ئەوا ڕێککەوتن لە نێوان بەرکار و کار دایە ئەمە لە لایەکەوە، لە لایەکی ترەوە بۆ باری بکەر شاراوەی ئاسایی ڕێککەوتن لە نێوان بکەر و کارە و بۆ باری بکەر شاراوەی ئاماژەبۆکراو ڕێککەوتن لە نێوان بەرکار وکارە بۆ هەموتاف و ڕێژەکان.

دەربارەی ڕێککەوتن لە کارە ناتەواوەکانیش جگە لە کاری ناتەواوی خاوەندارێتی کە ڕێککەوتن لە نێوان بەرکار و کارە، ئەوا هەردەم ڕێککەوتن لە نێوان بکەر وکار دایە ، جا کارەکە لە ڕوی تاف و هێز و ڕێژەوە سەر بە چ جۆرێك بێت.

3- لە کارە تەواوە تێپەڕەکان و کاری ناتەواوی (خاوەندارێتی) بۆ هەردو تافی ڕابردو و ڕانەبردو لە ڕوی ڕێککەوتنەوە سەرەڕای هاتنی جێناوە لکاوەکانی (م،ت،ش،ما،تا،شا) بە دوای بەرکارەکە، ئەوا مۆرفیمەکانی ڕێککەوتنیش ڕاستەوخۆ بە دوای ئەم جێناوە لکاوانەوە دێن کە ئەرکی سەرەکییان سازدانی ڕێککەوتنە لە نێون بەرکار و کارەکە لە سنوری ڕستەدا.

4- تەکنیکی ڕێککەوتن لە نێوان بکەر و کاردا یان لە نێوان بەرکار و کاردا لە دیالێکتی گۆرانی (( گۆڤەری هەورامی )) دا گرێدراوە بە سروشتی ئەو پەیوەندییەی لە نێوان بکەر و کار یان بەرکار و کار دا هەیە،بە مانایەکی تر کاتێ بکەر یان بەرکاری ڕستەکە کەسی یەکەمی تاك بێت،بێ گومان کاریش سەخڵەتی کەسە تاکەکە وەردەگرێ.

**سەرچاوەکان:**


(١) Crystal, D:) 1992 Block Well , An Encyclopedic Dictionary of Language and Languages ,(Oxford.

(٢) Leech , G and Svartvik, J:) 1994 Longman , A Communicative Grammar of English ,(London and New York.

(٣) Trask , R.L: ) 1993 Routledge , A Dictionary of Grammatical terms in Linguistics ,(London.

(4) شێرکۆ حەمە ئەمین قادر: (2002) ، مۆرفیمە بەندە لێکسیکی و ڕێزمانییەکان و ئەرکیان لە دیالێکتی گۆراندا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان ، زانکۆی سلێمانی.

(5) فەرەیدون عەبدول محەمەد: (1998)، چەند لایەنێکی ڕستەسازیی زاری هەورامی ، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی ئاداب ، زانکۆی سەلاحەدین.

(٦) ڤیان سلێمان حاجی سلێڤانەیی:(2001)، ڕێککەوتن لەشێوەی ژووروی زمانی کوردیدا ، نامەی ماستەر ، کۆلێژی ئاداب ، زانکۆی سەلاحەدین.

(٧) مهاباد کامل عبدالله: (1996)، کارلەکرمانجی ی خواروو هەورامی دا ، نامەی ماستەر ، کۆلێژی ئاداب ، زانکۆی سەلاحەددین.

(٨) هیدایەت عەبدوڵلا موحەمەد: (2002)، ڕێککەوتنی واتایی ناو و ئاوەڵناو لە زمانی کوردیدا ، نامەی دکتۆرا ، کۆلێژی زمان ، زانکۆی سلێمانی.

(٩) فەرەیدون عەبدول محەمەد: (2000)، کاری ((بیەی= بوون)) لەزاری هەورامیدا ، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ، بەشی زانستە مرۆڤایەتییەکان ، ژ(4).